بارزانی پیرۆزبایی لە دەستپێکی سەرکایەتی نوێی پەرلەمانی عێراق دەکات و هیوای بەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوواڵتیان دەخوازێت



مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی پیرۆزبایی هەڵبژاردنی دەستپێکی نوێ سەرکایەتی پەرلەمانی عێراقی کرد و هیوای خواست هەڵبژاردنیان هەنگاوێک بێت لە بەرژەوەندیی هاوواتیان و چارەسەرکردنی کێشکان و بەدیهاتنی برایەتیی و تێبایی. وتیشی، "بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و پارتی وای دەخواست کە د. شاخەوان لە پۆستی خۆپاوتن بکشێنتەوە".

مەسعود بارزانی، ئەمشەو لە پەیامێکدا لە پەڕەی تایبەتی خۆی لە پلاتفۆرمی "X" باڵویکردەوە، پیرۆزبایی هەڵبژاردنی دەستپێکی نوێی سەرکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە بەرزان هەیبەت حەلبوسی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران و عەدنان فەیحان جێگری یەکەم و فەرهاد ئەتروشی جێگری دووەمی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

ئاماژەی بەوەشکرد، هیوادارم هەڵبژاردنی دەستپێکی تازەی سەرکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران هەنگاوێک بێت لە بەرژەوەندیی هاوواتیان و چارەسەرکردنی کێشکان و بەدیهاتنی برایەتیی و تێبایی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق.

لەبارەی کشانەوە شاخەوان عەبدوڵا، مەسعود بارزانی لە هاگیەندراوکی دیکەدا دەڵێت، "پێزانینێکی

زەرم بە د. شاخەوان عەبدوڵا هەیە لە ماوەی ڕابردو لە کاری پەرلەمانی و حزبیی خۆیدا [illegible]کی کارا و ماندووبوونکی زۆری بینیوە. هەمیشە بە باشی پابەندی [illegible]کارەکان و دیسپلینی حزبی بوە و جێگەی متمانە بوە".

دەشێت، "بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و پارتی وای دەخواست کە د. شاخەوان لە پۆستی خۆیاوتن بە پۆستی جێگری سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خۆی بکشێنتەوە. لەگەڵ ئەوەش لەوە دڵنیام د. شاخەوان [illegible]یەکی ئازا و شایستەی ئەو میللەتەیە، لە هەر شوێنك و هەر پلەیەکدا بێت، کوێی پارتیە و ئەرك و کاری خۆی بە باشترین شێوە جێبەجێ دەکات و جێی متمانەی ئەمەیە".